# خەڵکی کوردستان جارێکی تر ئەنفال دەکرێنەوە

**تامان شاکر**



کوردستان دونیای سەیرو سەمەرەکانە، ئەو سیستەم و یاساییەی کە لە کوردستان هەیە،کە وا خەریکە جێدەگرێت و دەبێت بە دیاردەیەك، لە هیچ شوێنێکی دونیادا نییە، وە ناشیرنترینیان دزی و گەندەڵییە.

کە ئەمرۆ خەڵك بە ئاشکرا دەیکات، کەسیش ناوێرێ هیچ بڵێت، دزەکان بۆ هەموو شتێك داوای پارە دەکەن، لەوەش سەیر تر دز بە زیرەك، و پاك بە گێل ناودەبرێت، زیرەکەکەلە سەر حیسابی خەڵك وە بە پارەی خەڵك چەندین خانوو باڵەخانە دروست دەکات،. تالآنی بژێوی ژیانیان دەکات کەچی خەڵك رێزی لێدەگرن، ببورن رێز لە پارەکەی دەگرن، لە کوردستان هەست بە بەرپرسیاریەتی و ویژدان، لە قتووی هیچ عەتارێکدا نەماوە، خەڵك بە نێرینەو مێینەوە بە سەر لاشەی مردوودا دەروات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ، ئامانجەکانیش بەرگری نییە لە کورد و خزمەتکردنی کوردستان و هەوڵدان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ! هەوڵدانە بۆ ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان بە شێوازیکی تازە، بە شێوازی بێبەشکردن لە مافەکانیان، لە خزمەتگوزاریە پێویستەکان ، لە ژیانێك پر بێت لە ئاسوودەیی و دڵنیایی.

لە ناو داموودەزگاکانی حکومەت، لە بازارو نەخۆشخانەو لە هەموو شوێنێکدا ئەم باس و خواسی دزی و گەندەڵیە دەبیستین، زۆربەی کاتەکانیشمان بەو باسانە خەرج دەکەین، بەڵام لەبەر خەمی نان،نەدەتوانین بە راشکاوی ناوی دزو گەندەڵەکان بەرین ، نەدەتوانین بەریان پێبگرین، چونکە ئەوان دەسەڵات و پارەیان لە بەردەستە، کاتێك باس لە دزینی ملیۆنان دۆلار دەکرێت، دەڵێن کاکە کێیەئەو دزە؟ بۆ ناوی ناڵێن ؟ دەڵێن دەتانەوێ بە کوشتنمان بدەن. کەواتە ئەوانەی پارە دەدزن هەر دز نین بەڵکو مەترسیداریشن، بۆیە کەس ناوێرێ ناویان بەرێت، کەسانێك هەن لەم کوردستانە موچە خۆرن کەچی خاوەنی چەندین خانوو باڵەخانەن، پێمناڵێن کام لە ئێمە بەو مووچەییەی هەیەتی دەگاتە نیوەی مانگ نەك سەری مانگ ، تا خانووی پێ دروست بکات؟ من پیم وانییە کەس بە موچە بتوانیت خانوو دروست بکات، ئەی باشە ئەم پارەییەی لەکوێ بوو. خۆ بەسەریدا نەباریووە و ئەگەر پارە بباریبا رۆژی لە ورۆژان بە سەر هەژارێکیشدا دەباری،

هۆکارەکانی دزی لە کوردستان زۆرن، وە چەند شتێکیش هەن دەبنە یاریدەدەری دزەکان و لە بەرژەوەندی ئەوان دایە، ئێمە تا ئێستا لە سەر سیستەمی عەشایەری دەرۆین بەرێوە، چونکە یاسا رۆلی نییە لە ژیانی ئێمەدا. ئەگەر چی باس لە سەروەری یاساولە کۆمەلگەی مەدەنی دیموکراسی دەکەین و، بەڵگەش رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنییە، کە دوای چەندین ساڵ لە پارە کۆکردنەوە، نەیان توانیووە 4 کەس فێربکەن، کە شت فرێنەدەنە سەر شەقام و فێریان بکەن ئەوە وڵاتە زبڵخانە نییە، لایەنێکی تر نایەکسانی کۆمەلأیەتی و دابەشکردنی پارە بە شێوەیەکی نادروست، دانانی کەسانی نەشیاو لە پۆست و پلەکاندا و خزم خزمێنە، هەرکەسێك خاوەن واستەو بێت بە زوترین کات موچەو خانوو پۆستێکی باشی پێدەدەن ئەگەر چی مریشکێکیشی نەکردبێتە قوربانی بۆ ئەم وڵاتە، بەڵکو بە شانازییەوە دژی جیب عەمیل خەباتی کردبێت ،ئەمانە هەمووی رق دروست دەکەن، رق لە وڵات لە سیستەم لە حیزب لە حکومەت. مووچەخۆریك کە موچەکەی 150 دینار بێت خاوەنی پێج شەش منالٚ بێت، لە وانەشە خانووەکەی کرێ بێت چۆن دەتوانێ بژیت، ناچارە دزی بکات بۆ ئەوەی شەڕیماڵەوە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، ناچارە بە پارەی دزی منداڵەکانی بە خێو بکات ، لایەنی سێهەم حکومەتی کوردستانە، کە حیزب بە خێوی دەکات و بریاری بۆ دەدات.بۆیە ئەو حکومەتە لە ئاستی حیزبدا توانای هیچی نییە، حیزبیش هەمیشە لە تێکەڵیەکی سەیر دروست دەبێت، حیزبە دەسەلأتدارەکانی کوردستان ریژەیەکی زۆر کۆنە بەعسی و کەسانی تری تێدایە رۆژانێك دژایەتی خەڵکی کوردستانیان دەکرد، ئەمرۆش بە شێوازێکی تر دەیکەن، چونکە لە شوێنی بڕیارن و پارەیەکی زۆریان لەبەر دەستە، بۆ ناشیرینکردنی حکومەتی کوردستان بۆ دژایەتی خەڵکی کورد، لە هەوڵی خۆیاندان، ئەوە حیزب و دەسەلاتی کوردیە بۆ چەند دەنگێك، یان رازی کردنی دڵی عەشیرەتێك، ئەوانەیان هێناوەتە پێشەوەو خوێنی شەهیدان و منداڵی شەهیدانیان لە بیرکردووە.

کەچی لەو لاشەوە دەڵێن ئەو ئەزموونە بە خوێنی شەهیدان هاتۆتە بەرهەم ، لێرەدا دەبێ بپرسین کام ئەزموون، کام خۆشگوزەرانی ؟ئەی ئگەر ئەو ئەزموونە بە خوێنی شەهیدان هاتۆتە بەرهەم بۆچی ئەوانتان لێ بێبەری کردووە، ئەی بۆ رێزتان لە شەهیدەکانمان نەگرت و جاش و ئەنفالچی و ولأت فرۆشەکانتان لە خستە ناو ریزی شەهیدەکانمانەوە، حیزب و دەسەلأتی کوردیش ریخۆشکەرە بۆ هەموو ئەو دزی و گەندەڵی نایەکسانییەی کە دەکرێت، میزانییەی کوردستان کە بە رێژەی دانیشتوانی کوردستان دەدریتە کوردستان، کە مافێکی خۆمانە دەبێت پێمانی بدەن، بە سەدەقەو سواڵ و منەت دەماندەنێ، وە پارەکانی تریش کە لەم لا و ئەولا دەست دەکەوێت، هەمووی لە ژێر بەرەوە تەسفیە دەکرێت، هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە، کەس ئینتیمایی بۆ ئەم ولأتە نەمێنی، ولأتیش بووە بە هی کۆمەڵە کەسێك، بەشەکەی تریشی بەبەرچاوی خۆیەوە ئەنفال دەکرێت و ناوێری دەمبکاتەوە.